
دەرگاكانی چوونە نـاو بەشـی نـاوەوەش، دەكەونـە گۆشـە ناوەكی‌يـەكانی حەوشـەكە، لـەلای باشـوور و باكووری‌يـەوە، ئـەو گۆشـانەی نـاوەوەش بـە لاری گـیراون و لـە شـێوەی ژوورێكی نیوە هەشـت لایـی سـوودیان لێ وەردەگـیرێت. پلیكانەیـەك لـە تەنیشـت گۆشـە بچوكترەكانی ڕۆژهەلات دروستكراون كە بەرەو سەربان دەچن. زارە گۆشـەكانی دەرەكـی كراون بە ڕاڕەوێكی باریك بۆ قولله بازنەیی‌یەكان.

دابەشبوونێكی هێشتان لەوەش ڕێكوپێكتر لە خانی (پاسنگان Passengan) دەكەوێتە بـەرچاو (وێنـە ١١). ئـەو كاروانسـەرایە. كـە لـە لایـەن ( Pascal Coste) باسـی كـراوە، دەكەوێتە سەر جادەی تاران بەرەو ئەسفەهان لە نزیك شاری قوم. دەڵێن لـە سـاڵی ١٨٠٥ لـە لایـەن (حـاجی محەممـەد بـەكر)، كـە بازرگـانێكی دەوڵەمـەندی قـەزوینی بـووە، دامـەزرێنراوە. كەواتـە دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەو سـەردەمەی كـە خـانی (ناسـریە) و خـانی (جیتان)ی لێ دروستكراوە و لەگەڵ ئەو كاروانسەرایانە لـە ڕووی داڕشـتنی ڕێكوپێكـی و ئاشكرایی دەزگاكانیان، هاوتەرزن. فراوانی‌یەكەی (پەنجا بە پـەنجا مـەتر)، وای كـردووە كـە ڕاڕەوی تەوێلـەكان، بـە هـۆی جەسـتەی دەروازەكـەی و سـێ هـەیوانی ناوەڕاسـتی لایـەكان، دابەشـی چـوار بەشـی یەكسـان بێـت. هـەیوانی بەرامبـەر دەروازەكـە، یـەك بـە قوڵایی باڵی كاروانسەراكە، واتە لە ئاستی ڕووی ناوەوە تا دیواری دەرەوە چووە، كـەچی دوو هەیوانەكەی تر كراون بە دوو بەش، پێشهەیوانێكی كـراوە و ژوورێكـی داخـراو لـە بنـەبان. گۆشـەكانی ئـەو كاروانسـەرایەیان ئـاوا شـیكار كـردووە: گۆشـەكانی نـاوەوە بـە ڕووێكـی لار كـوڵ كـراون و، ئـەو لایـە لارانـە كراونەتـەوە بـەرەو دوو دەرگـا لـە نێـوان حەوشەو ڕاڕەوەكانی ناوەوە، هەریەك لەو دەرگایانەش دەچێتە ناو ڕاڕەوێكی باریك، كە دەكەوێتـە ئاسـتی بەیەكگەیشـتنی درێژكـراوەی ڕووەكـانی نـاوەوەی كاروانسـەراكە. بەرینی‌ئەو ڕاڕەوانە لە كونجەكانی تر تەسكترن. ئـەو دوو ڕاڕەوەش لـە نێـوان خۆیـان و ڕاڕەوی تەوێلان دیوارە كۆڵەگەیەك پێكدێنن، كە پلیكانەیەكی سوڕاوەی بـەرەو سـەربان لـە نـاخی خـۆی هـەلگرتووە، ئـەو دوو كونجـەی دیـواری دەرەوە، كـە بەرامبـەر ڕاڕەوە باریكـەكان هەڵكـەوتون و وەكـو ئـەوان تەسـكن، كـراون بـە ئاودەسـتخانە. جەسـتەی زارەگۆشەكانی دەرەوەش پڕو ناوئاخن دروستكراون.





وێنە ١١: کاروانسەرای پاسنگان

(P. Coste aue H. Thiersch". "pharas" Verlag B. G. Teubner, Leibyig 1909)

ڕوخساری دەروازە بەرزەکەی، وەکوو ڕوخساری باوی ساختومان و بینا بیرەوەریەکانی ئێران و میزۆپۆتامیایە: دەروازە کەوانتیژەکەی، کەوتۆتە ناو کونجێکی تاق بەرز و کەوانتیژ، لەهەر لایێکی دەروازەکە دوو کونجی بەسەرەوەیەکی تەسکتر دروستکراوە، کە هی ژێرەوەیان وەکوو فرۆشگا بەکارهاتووە، هی سەرەوەشیان وەکوو کۆرە کونجێك گیراون. لە تەنیشت دالآنی دەروازەکە، وەکوو ئەوەی کاروانسەرای (جیتان)، دوو ژووری داخراو هەیە، کە هەر لە ناو قەنتەرەکە دەرگایان بۆ کراوەتەوە. شایانی باسە کە لە ناوەندی حەوشەکە سەکۆیەکی چوارگۆشەیی بچووکی لا حەوت مەتری دروستکراوە، کە بیرێکی ئاوی کەوتۆتە ژێرەوە.

نەخشەی هەموو ئەو کاروانسەرایانەی کە تا ئێستا باسمان لێوە کردوون، لە هەموو ئەو شوێنانە بەکاردێن، کە پێویستیەکی ئەوتۆیان بە ژوورەکانی حەوانەوە نەبووە،

درێژی بیناکانیان لە پەنجا مەتر تێپەڕی نەکردووە. بۆ چارەسەری هوروژمی زۆری مێوان و موسافیران، بۆ نموونە لە کاتی جەژنە ئیسلامییەکان و پێویستییەکانی ڕێگاکانی حەج، دوو شیکار هەیە: لەو سەردەمانەی کە دامەزرێنەری کاروانسەراکان پتر بایەخ و شانازییان بە ڕوخسار و ووردەکاری دەدا بۆ یادپارێزی و بیرەوەری، نەك تەنها بە تەرخانکاری و تایبەتکاری بۆ پڕکردنەوەی پێویستییەکانی بەکارهێنان، ئەوا ساختومانی گەورە گەورەیان هێناوەتە ئارا، کە چ لە ڕووی حەوشەی ناوەو چ لە ناواخنی داپۆشراو و شاراوە، لە ژمارەیێکی زۆر لە ژوور پێکهاتوون، کە لە ڕۆژگاری ئێستا بە ژمارەیەکی زۆرتر لە دامودەزگای قەبارە بچووکتر و نەخشەی سادەتری هاوتەرز، لە دەوروبەری ئاوگەکان، وەکو گوندێکی بچووك یەکتریان گرتووە.





وێنە ١٢: خانی ئەسەدی لای بەغدا

ئـەركی كاروانسـەرایێكی گـەورە بریتـییـە لـە دابینكردنـی شـوێنی حەوانـەوەی ژمارەییێكی زۆر لە میوان و موسافیر و وڵاخە بارهەڵگرەكانیان لە هاوین و لە زستان. بۆ هاوینان كە موسافیر لەسەر سەكۆی حەوشەو لەژێر ئاسمانی ئازاد شەو بەسەر دەبەن، حەوشەیەكی فراوان پێویستە، لە زستانانیش، لە ڕۆژانی سارد و باراناوی، بە هەمان ڕادە ژووری حەوانەوە پێویستە. چۆن ئەوە مەیسەر كراوە، ئەوا ئێمە لە (خانی ئەسعەد- وێنە ١٢)دا دەیبینین، ئەو كاروانسەرایە یەكەمین وەستگای سەرجادەی بەغداد بووە بەرەو باشوور، بەرلەوەی بگەین بە دووڕیانی كەربەلاو حلە. لەوانەیە كە ئەو كاروانسەرایەش هەر لە لایەن ئێرانییەكی دەوڵەمەند و ئاینپەروەر دامەزرێنرابێت. لە ڕووی سەرنجڕاكێشی نەخش و نیگارەكانی ووردەكاری بەشەكانی بە یەكێك لە جوانترین كاروانسەراكانی عێراق دەژمێردرێت. كێپل (Keppel) ئەو كاروانسەرایە و ئەوانەی تری سەر ئەو جادەیەی، بە هۆی قەشەنگییان، وەكوو ئەو ١١١ مەنزڵگایە هاتۆتە بەرچاو كە كاتی خۆی هیرۆدۆت لە بارەی (جادەی پاتشا) باسی لێوە كردووە.

كاروانسەرای ئەسعەد بریتییە لە لاكێشەیەكی ٧٤ م بەرین و ٩٢,٢٠ م درێژ، حەوشەكەشی ١٢,٨٠ م بەرین و ١٤,٣٠م درێژە، لە كاتێكدا قووڵایی كاروانسەرا بچوكەكان لە ٩ م تێنەپەڕیوە. لەو قوڵاییە گەورەیەی ژوورە سەرداپۆشراوەكان توانراوە ڕیزێكی تری سێیەمی كونجی حەوانەوە، لە نێوان ڕاڕەوی تەوێلەو كونجەكانی لای حەوشە دروست بكرێت. كە بەرەو ڕاڕەوی تەوێلان كراونەتەوە. بەڵام گەورەیی كونجەكان لە پانی و درێژییان هەروەكوو هی كاروانسەرا بچووكەكانە. ڕووەكانی حەوشە، بە بەراوردكردن لەگەڵ كاروانسەرا بچووكەكان، لە ناوەڕاستیانەوە پتر داپچڕێنراون، ئەوەش بە ئامانجی ئەوە كراوە، تا ڕیزی درێژی كونجەكان بە یەكشێوەیی (مۆنۆفۆرم) نەكەونە بەر سەرنج (تەختە ٣)، لەبەر هەندێش هەرسێ هەیوانی ناوەڕاست، نزیكە هەروەكوو دەروازەی كاروانسەراكە، بە قەد كونج و نیوێك بەرینن، جگە لەوەش لەگەڵ دوو دەرگای باریك كە لەملاو لەولایان هەڵكەوتووە، كەمێك سنگی خۆیان دەرپەڕاندووەو نزیكە مەترێكیش لە ئاستی بینای باڵەكانی بەرزبوونەتەوە. یەكێك لەو دەرگایانە، لە حەوشەكەیەوە ڕا دیارە، كە بە چاتی و بە شێوەیەكی كەوانەیی


سەری گیراوە، دەچێتە ناو ژووری گۆمەزێك، لە پشتەوەی یەكێك لە هەیوانەكە، دەرگاكەی تریش پلیكانەیەكی تێدایە بەرەو سەربان. كلاوەی ستوونەكان، واتە هەلگری كەوانتیژە ئێرانییەكانی سەر كونج و هەیوان و دەرگاكان هەمان بەرزییان هەیە؛ بەو جۆرە بە هۆی تەسكی و نزمی دەرچەی هەردوو دەرگاكە و بەرینی و بەرزی هەردوو هەیوانەكە، یەگجار جەخت و تۆخ خۆ پیشاندەدەن. بە هۆی هەرسێ هەیوانەكەو جەستەی دەروازەكە، ژوورەكانی حەوانەوە دەبن بە چوار بەش، لە ڕووی گۆشە لارەكانی ناوەوە، بۆ هەر بەشێك لەوانە دەرگایێك كراوەتەوە. بە هۆی دوو ڕێزی كونجەكانی لای حەوشە، لە نیوانی ڕارەوی ئەو دەرگایانە و ڕارەوی تەویلەكان بە شیوەیەكی سروشتی كۆلەگەدیواری گەورە هاتوونەتە ئارا، لیرە هەریەكیك لەم گۆلەگە دیواریانە كراون بە چوار ستوون و رووبەری نیوان ئەو ستوونانەش كراون بە سەكۆیەك بۆ هەسانەوەی موسافیران. لە بەشی بینا دوو نهۆمییەكەی دەروازەی كاروانسەراكە، وەكوو ساختوومانیكی یادگاریی شایانی سەرنجی تایبەتییە. لە رووی ناوەوە وەكوو هەیوانەكان دە كەویتە بەرچاو. هەر دوو دەرگا باریكەكەی ئەملاوئەولای، پلیكانەیان تیدایە بەرەو سەربان، بەلام لە رووی لای جادەوە، بە هۆی دوو ژووری دوو نهۆمی ئەملاوئەولای دەروازەكە، تەبەشی دەروازەكە پانوپۆر هەلكەوتووە، دەرگای دەروازەكەش كەوتۆتە ناو كونجیكی ٣ م قوول و ٤,٦ م بەرین، ئەو كونجەش لە بەرزی تا دەگاتە ژوورە دوو نهۆمییەكان بە تاقیكی كەوانە تیژی سەبەتی تونیلی سەری داپۆشراوە. پیكهاتەی پر لە ستالاكتایدی میچی توونیلەكەی، لە سەرەوەی كلاوی ستوونەكانەوە، لە دیواری پشتەوەیەوە تا راستكەی (هیلی وەرگەران)[١٨] گومەزە توونیلییەكە، دیمەنیكی سەرنجراكیشی هیناوەتە ئارا. لە هەردوو لای باگری دەروازەكە، لە نهۆمی زەمینیی دوو كونجی ٢ م بەرین هەیە، كە ئەوانیش وەكوو دەروازەكە بە تاقی كەوانە سەبەتەیی داپۆشراون. لە سەرەوەی هەر یەكیك لەو كونجانە، ژووریك هەیە، كە بە هۆی گومەزە توونیلییەكانیان لە رووخساری دەرەوە خۆ بەدیار دەخەن. لەلای جادەوە، بە هۆی پلیكانەی لە خشت دروستكراوی ناپەیوەست بە دیواری ئەملاوئەولا، دەچیتە ئەو ژوورانە. ئەو پلیكانانە ئیستا بە تەواوی ویران

بوونو پاشماوەیان نەماوە. ساختوومانی دەروازەکە لە ڕووی نەخشەی ئاسۆیی نهۆمی زەمینیی، لە سێ بەش پێکهاتووە: باگری دەروازەکەو دوو کونجەکەی ئەملاوئەولای، ژوری دەروازەکەو ئاوەلکونجەکانی، هەروەها باگرە هەیوانییەکەی لای حەوشە، کە دوو پلیکانەی ئەملاو ئەولای خۆی هەلگرتووە. ژووری دەروازەکە، کە میچێکی گومەزی هەیە، لە ئاستگای یەکتربڕینی تەوەری ڕاڕەوی تەوێلان و دالانی دەروازە هاتۆتە ئارا، شێوەیەکی چوار گۆشەیی گۆشەلاری هەیە. دیواری ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوای بە هۆی کەوانەی تاقی دەروازەکە بچڕاون. لە گۆشە کونجەکەی باشووری ڕۆژهەلات پلیکانەیەك بەرەو سەرخانی دەروازەکە دەچیت، لە کاتیکدا ئەو کونجانەی لەهەر یەکیك لە پینج لاکەی تردا هەن، بە قوولایی و بەرینیان وەکوو فرۆشگا بۆ پیویستییەکان میوانان بەکاردین (وینە ١٢). کویرە تاقەکەی رووی جادە، کە روومەتەکانی دەروازەیان رازاندۆتەوە، بایەخ و بیرکاری زۆری وەستاکانی ئەو بینایە پیشاندەدەن، کە بە خەرجیان داوە، بۆ ئەوەی چەهرەیەکی سەرنجراکیش بەو ساختومانە ببەخشن (وینە ١٣).




وینەی ١٣: خانی ئەسەد لە بەغدا. دیمەنی لای جادە

کاروانسەرا زەبەلاحەکەی (مەحموودیە) (وێنەی ١٤)، کە نزیکەی سەعاتە رێیەك لە کاروانسەرای (ئەسەد)ی سەر هەمان جادەو وەستگاکەی ئیستای پیش دووریانی جادەکە هەلکەوتووە، لە رووی پیکهاتەی ژوورەکانی و نەخشەی ئاسۆیی، بە تەواوی وەکوو ئەو کاروانسەرایەیە، لەوانەیە ئەوەش، لەسەر نەخشەی کاروانسەرای ئەسەد وینە گیرابیتەوە، لەوکاتەی کە بە هۆی گۆرانی ریبازی کەنالی مەحموودیە، شوینی وەستگاکە بە ناچاری گواسترابیتەوە. ئەمرۆ ئەو کاروانسەرایە بریتییە لە ناوەندی گوندیك، ئەو گوندەش کاروانسەرای تری بچووکی تیدایە، کە هەندیکیان تەنها حەوشەیەکن و بۆ حوشترەکانیکاروانچییان دەوریان شوراکراوە، یان کراون بە قاوەخانەی هەمەجۆر و بازار و گەراژی ماشین و نیریەکانی نیوان بەغداو حلە، بۆ شوینی حەوانەوەی جۆراوجۆر.



وینە ١٤: خانی مەحموودیە


گۆشـەکانی کاروانسـەرای مەحموودیـە لـە شـێوەی زارە دیـوارن و ژوورۆچکـەی ناواخنیان وەکوو ئەدەبخانە بەکاردێن. بە هۆی دووەمین سەرخانی سەر دەروازەکە، کە پێنج پەنجەرەی بەرز و گـەورەی لێ کراوەتـەوە، جەسـتەی دەروازەکە بـەرزتر و قەبـەو گرانتر و بەرچاوتر هەڵکەوتووە (وێنە ١٥).



وێنە ١٥: دەروازەی خانی مەحموودیە

ئاوا هەموو کاروانسەرا گەورەکانی عیراق، وەکوو خانی ئەسعد، خانی مەحموودیەیە بنیات نراون، بۆ نموونە (خانی موسەللا) و (خانی حامات) لەسەر جادەی نەجەف بەرەو کەربەلا، (خانی بەنی سەعد) لەسەر جادەی بەغدا بەرەو باقووبە، بەپێی بۆچوونی (ئۆپیرت) ئەوەی دوواییان لەلایەن (حاجی عیسا) ناویك دروستکراوەو پێنج سەعاتە رێ لە باکووری بەغدا هەلکەوتووە، دەروازەکەی بەهۆی دیکۆر و کەوانە تیژەکانی تاقی کونجەکانی، کە گۆشەکانیان بە لاری گیراوە، شایانی سەرنجی تایبەتین (تەختە ٣)، لە دیواری پشتەوەی باگرەکەو، لە هەورازی سەر دەری دەرگاکەی، تاقیکی کەوان سەبەتەیی خۆپیشاندەدات. ژووری سەرخانەکە، یەك بە بەرینایی دەرگای دەروازە، سێ پەنجەرەی بەرزی کەوانە خری هەیە، هەریەك لە شەبکە دیواری تەنیشت تاقی دەروازە، بە هۆی سێ کویرە دەلاقەی بەسەر یەکەوە دیکۆر کراوە. دووی ژێرەوەیان کەوانتیژن و ئەوانەی سەرەوە بە ئاسۆیی سەریان گیراوە. بینای دەروازەکە تێکرا بە ددانە دیواریکی سیگۆشەیی و لە بان دوو هێلەدیوار، لە کەرپوچ (خشتی سوورەوەکراو) پاساردراوە.


کاروانسەرای (مەشاهید) (وینە ١٦) لە چاو ئەو کاروانسەرایانەی کە تا ئیستا باسمان کردوون، لە رووی ریکخستنی ژوورۆچکەی گۆشەکانی، لە هەمووان پیشکەوتووترە.





وینە ١٦: کاروانسەرای مەشاهید لای بەغدا

ئەوە دەكەويتە سەر جادەی بـەغدا بـەرەو كەربـەلا، ئـەو جادەيـەش لـە كـاتی حـەج هاتوچۆيـەكی زۆری لەسـەرە. هـەروەكوو كاروانسـەرای (جيتـان) لـە هـەر چـوار گۆشـەی چـوار قوللـەی بازنـەيی گـەورەی هەيـە، كـە لـە شـيوەی نيـوە بازنـەيـەك بـەرەو دەرەوە دەرپـەريون و لـە نـاوەوە بـوون بـە بەشـيك لـە ريـزە كونجـەكانی تـر. ئـەو ژوورە چوارگۆشەيەی كە لە ئاكامی بـە يەكگەيشـتنی رارەوەكـان هاتۆتـە ئـاراو بـە گومـەزيكی كراوە و داكشاو سەری داپۆشراوە، هـەر لاييكـی نزيكـەی ٧٠ سـم بـۆ نـاوەوەی رارەوە كـە دريژكراونەتـەوەو گۆشـەكانی ناوەوەشـی كـەميك لار پركراونەتـەوە، لەهـەر يـەكيك لـە لايـەكانی تەنيشـت قوللـە بازنەيی‌يەكـە كونجيكـی هەيـە، كـە بـە قـەد رارەوی تـەويلان بەرينن و بە قەد كونجـەكانی تـر قوولـن و چوونەتـە نـاو نيوەبازنـەی گۆشـە قوللەكـەو بارستەی ناپيويستی ديـواری قوللەكـەی كـەم كردۆتـەوە. لـە نيوانـی ئـەو دوو كونجـەش ژوورۆچكەيەك هەيە، كـە كـاتی خـۆی ئاودەسـتخانە بـووە، لـە رووی گۆشـەلارەكەی نـاو گومەزەكـە دەرگـای بـۆ كراوەتـەوە. رارەوی تـەويلان، لـە كاروانسـەرای مەشـاهيد، بـە بـەردەوامی و نـەپچراوی بـەناو هـەموو بيناكـە دريـژ بووەتـەوە، چونكـە هـەيوانی ناوەراسـتی لايـەكان تەنـها قولايـی هـەردوو كونجـی نـاوەوەی داگـير كـردووە. بـەرينايی هەيوانەكان وەكوو بەرينايی ئەو ژوورەيە، كە لە پشتەوەی هەيوانـەكان بـە گومـەزيكی كراوە سەريان گيراوە، لە كاتيكدا خانەكانی تـری ميچـی رارەوەكـە بـە گومـەزی تـيريژی سـەريان گـيراوە. ژووری گومـەزی دەروازەكـەش كـاتی خـۆی راسـتەوخۆ لەگـەڵ رارەوی تـەويلان تيكـەل بـووە، بـەلام ئيستا بـە دابريـك لـەملاو ئـەولای لـە رارەوەكـە جـوودا كراوەتــەوە. بينــای دەروازە دوو نهۆمی‌يەكــەی (وينــە ١٧) لــە دەرەوە، لــە چــاو كاروانسەراكانی تر، پان و پۆرتر ديتە بەرچاو چونكە وەكوو هی كاروانسەراكانی تر بـە ستوونی لە بيناكە نەهاتۆتـە دەر، بـەلكوو بـەلارە گۆشـەيەكی ٤٥ پلـەكی لەگـەڵ ديـواری دەرەوەی كاروانسەراكە پەيوەستكراوە. لەناو ئەو بارستە ديوارە سيگۆشەيی‌يەش، كە لـە ئەنجامی ئەوەهاتۆتە ئـارا، لەهـەر لاييكـی نـهۆمی زەمينـی كونجيكـی نيـوە هەشـتلايی دروستكراوە، لە نهۆمی سەرەوەی ئەو كونجانە ژووريك هەيە، كە هەمان شيوەی هەيـە، هەر بەو شيوەيەش لەسەر كونجـەكانی ئـەملاو ئـەولای بـاگرە بەرزەكـەی دەروازە هـۆدە

دروست كراون و له رووی دەروازە پەنجەرەیان بۆ كراوەتەوە. لـە دیمـەنی دەرەوە را، بـە هۆی قوللە بازنەییـیـەكان و ددانـە دیـوارە كەوانـەیی و نووكتیژەكانی لیـواری دەرەوە، بیناكە سیماییكی قەڵاتئاسایی پیشاندەدات.




وینەی ١٧: كاروانسەرای مەشاهید لای بەغدا




وینەی ١٨: خانی حەسوە لەسەر جادەی بەغدا- حلە

خانی (حەسوە)، وەستگای ناوەراستی ئیستای جادەی بـەغداد بـەرەو حلـە، تەنـها لـە شیکاری گۆشەکانی تەرزیکی تایبەتی بە خۆوە گرتووە (وینە ١٨). ریزە کونجی دەرەکی نزیکە بە شیوەیەکی بازنـەیی لـە گۆشـەکانی کاروانسـەراکە سووریـنراونەتەوەو دیـواری دەرەوەش لە پشتی ئەو گۆشـانە بـە تـەواوی بـە لاری دروسـتکراون. لـە تـەواوی دریـژی رووە دەرەکی‌یـەکانی ئـەو ساختومانە، کـە نزیکـە چوارگۆشــەیی‌یە (٦٢ × ٥٦)م، لەهــەر گۆشەیەك حەوت مەتری لار کراوەتەوە. دەرگای چوونـە ژوورەوەی رارەوی تـەویلانیش کەوتۆتە گۆشە لارەکانی ناوەوە، لەو گۆشە لارانەوە بەرینایی کونجی نـاوەندی گۆشـەکان لە شیوەی دالانیـك و بـە ئاراسـتەیەکی ژییـی (دیگۆنـالی) دەچنـە نـاو رارەوی تـەویلان. تەنها لە رووی رۆژئاوای حەوشەکەی، هەیوانیك هەیە بە قەد قوولایی دوو ریزە کونجی نـاوەکی قوولـە. بینـای دەروازەکــەی (وینــە ١٩) هەرچــەندە لــە رووی بیناکــە هاتۆتــە دەرەوەو بە کونجیکی لار لەگەڵ دیواری دەرەوە پەیوەسـت کـراوە، بـەڵام تەنـها بـە هـۆی لادیواریکی شیوە تایبەت لە رووی بیناکە بۆ سەرەوە دەرپـەریوە، ئـەو دیـوارەش کویـرە کونجیکـی کـەوانتیژی لـە رووی دەرەوە هەیـەو لـە پشتەوەشـی پلیکانەیــەك بــەرەو روانگەیەکی بچووك دروستکراوە. ژووری گومەزی دەروازەکە و کونجـەکانی دەوروبـەری زۆر بە ریکوپیکی دروستکراون.



وینە ١٩ دەروازەی خانی حەسوە

سەبارەت بە سەرنجراکیشیی و نزیکە هاویەکی پیکهاتە، باسی (خانی بیئرەالنوس) دەکەین، ئەو کاروانسەرایەی کە لە دوای دروستکردنی کاروانسەرای (حەسوە) پشگویخراو رۆلی نەما (وینە ٢٠). ئەو کاروانسەرایەش لە لایەن (کیپیل) باسی کراوەو (ئۆپیرت) لە سالی ١٨٥١/١٨٥٤ لە گەشتەکەی خۆی سەردانی کردووە. بالی لای جادەی، بە دەروازەکەیەوە، لەگەل ژوورەکانی ئەملاو ئەولای، بە تەواوی لە بالەکانی حەوشە جیاکراوەتەوە. بالەکانی حەوشە تەنها ریزە کونجیکی ناوەکی و یەکیکی دەرەکی روو لە حەوشەیان هەیەو لە ناوەندی لای حەوشەیان دەرگایان بۆ کراوەتەوە. سەبارەت بە بچووکی کاروانسەراکە لیرە هەیوانەکانی ناوەند دروست نەکراون. بەلام بالەکانی رۆژهەلاتی. لای جادە، هەروەکوو کاروانسەراکانی تر، دوو ریزە کونجیکی روو لە حەوشەیان هەیە. دەروازەکەی تۆزیک بەلای باکووری ناوەراستی ئەو لایە دامەزرینراوە. لەبەر هەندیش لەلای باشووری دەروازە جگە لە گۆشە کونجەکانی، چوار کونجی تری تەواوی حەوانەوە هەیە، کەچی لەلای باکووری تەنها جیگەی سێ کونجی لی بووەتەوە.




وینە ٢٠: خانی بیئرەننوس، لەسەر جادەی بەغدا- ٥